


**چەند وشەیەک بۆ مەرگ و لەدایکبوونی مامۆستا حەسەن زیرەک**

هەڵۆ بەرزنجەیی٢٠٢١/٦/٢٦

یەکەم:
"حەسەن زیرەک" ئیمپراتۆری هونەری گۆرانی کوردی...

ئیمڕۆ ٢٦.٦.٢٠٢١ یادی تێپەڕبوونی ٤٩ ساڵە بەسەر مەرگی ئیمپراتۆری گۆرانی کوردی مامۆستا « حەسەن زیرەک» دا...

زیرەک.. بە خۆیی و دەنگی زوڵاڵ و شیرین و ڕۆحی بەرزەفڕی، لەسەر بەرزایی "ناڵەشکێنە" وە بەرانبەر بە شارە دڵفڕێنەکەی « بۆکان» ئێستا لە باوەشی دایکی پیرۆزی نیشتماندایە...

لێرەوە، بە نیگایەکی فراوان و دڵێکی ئاسوودە و پڕ لە میهرەبانی و بە زەوق و خۆشییەکی بێ کۆتایی و خزمەتێکی بێ پایانەوە، تەماشای هەمووان دەکات...

" ناڵەشکێنە" قیبلەی هونەرمەند حەسەن زیرەک...

کێ هەیە لە ئێمە قەرزاری هونەری ئەم کەڵە هونەرمەندە نەبێت؟...!

ئەم بەیانییە بۆ ئەوەی پەرواز بم بۆ لای رۆحی بێگەردی و بتوانم تاجەگوڵینەی نەمر بخەمە سەر گڵکۆکەی، لەگەڵ کازیوەدا دەستم کرد بە گوێگرتن لە دەنگە زوڵاڵ و ئەفسوناوییەکەی.... بەڕاستی مەستی دنیای خەیاڵ بووم، خەمەکەم کە هێندەی بورجەکەی نێو سابڵاخ بەرزە!، بە بادا دا...بەهاری کوردەواریم بە شاخ و داخ و دۆڵ و کانیاو و کیژی نێو مێرگوڵان و کراس ڕەش، ئامێنێ و ئامینێ، وەی گەوهەرێ، وەک قومری سەربالم،،مریەم بۆکانی و چەندین پارچە گەوهەر و ئەڵماسی تری بەهادار هاتە بەرچاو...

باوکم: "کاتێ گوێی لە زیرەک دەگرت، دەیووت: با هەرچی ئەوانی ترە! مەبەستی گۆرانیبێژەکانی ترە، خۆیان وەشاردن... ناشبنە شاگری ئەم ئوستادە....
شەیدای گۆرانییەکانی دەچمە سەر ناڵەشکێنە و هەوری لار بوو... "

ڕەوانی بێ نازت شاد حەسەن زیرەک، گەورە مامۆستای هونەری کوردی... گەنجینەی خزمەتەکەت لە تەمەنێکی کورتدا بە چەندین هەزار بەرهەمی ڕەسەنی کوردەواری ناوازە و بێ هاوتا ، بۆ هەرگیزاو و هەرگیز کۆتایی نایەت و وشک ناکات...تۆ وەک چیاکانی کوردستان سەرکەشی...وەک ئاوی ڕووبار و کانییەکان شیرینیت...

نەمری و هەرگیز نامریت...مردنی تۆ گرێدراوە بە مردنی کورد و هونەرەکەیەوە....سڵاو لە ڕۆحی پاک و خزمەتی دڵسۆزانە و بێنیازت...گڵکۆت چراخان و گوڵزار و مێرگوڵانی نێرگز و ریحان بێت...!!!

بنوو ئارام بنوو، دوا وشەکانی سەر تەختی مەرگت هێشتا لە گوێماندا دەزڕنگێتەوە... چارەنووسە تاڵ و دژوارەکەی تۆ خەتای من و ئەو نەبوو، ئەوە قەدەری تاکێکی کوردی نیشتمان داگیرکراو و دابەشکراو و بێبەش کراوە لە ژیان....

بنوو ئارام بنوو....بەشی ئەو دنیاشت خزمەت پێشکەش کردووە و لە هەگبەدا هەس...

دووەم:
مامۆستا« حەسەن زیرەک» لەنێوان یادی ٤٩ ساڵەی ڕۆژی مەرگ و ١٠٠ ساڵەی لەدایکبوون دا...

هاوڕێیانی، دوێنی یادی مەرگی پڕ لە ئازار و تراژیدیا ئامێزی مامۆستا «حەسەن زیرەک» مان کردەوە..دیارە نابێت ئەوەمان لە بیر بچێ، ئیمساڵ ٢٠٢١ هاوکاتە لەگەڵ یادی ١٠٠ ساڵەی ئەم گەورە هونەرمەندە ئەفسانەییەی کورد دا...

بۆ ئەم دوو یادە زۆر تایبەتە، دەبوو لەسەرتاسەری کوردستان و هەندەران چەندین کاری هونەری گەورە ساز بکرایە، بۆ ڕێزنان لە ناو و مێژوو و شکۆی ئەو تاقانە مامۆستای مامۆستاکانی هونەری کوردی. دەبوو دەستە دەستە و پۆل پۆل خەڵک ڕیزیان بەستایە - پارەش بدەن بۆ بەشداریان - بچنە سەر گڵکۆکەیی و تاجە گوڵینەی ڕێز و خۆشەویستی لەسەر دابنێنن. دەبوو بە پارەکەش گۆڕەکەی بکرێتە مۆزەخانە...

ئەمانە ئەو هەنگاوە سەرەتاییانەن کە مێژوومان و ژیانی تاکە هەڵکەوتووەکانمان دەکەینەوە بە ئەرشیف و مێژوو و جێنزرگە و مۆزەخانەی سەروەریی و زیندوویی نەتەوەکەمان.. ئەوەی «مۆزارت و بتهۆڤن و ئوم کەلسوم» و کێ و کێ کردوویانە، هیچ لەوە زیاتر نییە، کە زیرەک کردوویە، ئەگەر بەراوردی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە ویژدانەوە بۆ بکرێت...

بە واتای ئەوەی ئازاد بوایە و میللەتێکی خوێندەواری هوشیاری هەبووایە و نیشتمانەکەی بە هەزاران زانکۆ و پەیمانگای هونەری ڕازاوە و دەوڵەمەند بوایە و تیپی ئۆکسترای زەبەلاحی لەپشت بوایە دەیان پرۆفیسۆر و دکتۆر و شارەزایانی هونەری هاوکاری بوونایە و دەوڵەت بە « سیاسەتی فەرهەنگی» پشتیوانی لێ بکردایە ، وەک لەو نموونە ئاماژە پێکراوانەدا دەیبینین، ئەوا دەڵێم بەشانازییەوە زیرەک گەورەترە، داهێنەرترە....

هێندەی من ئاگادار بم، تەنیا ماڵپەڕی «ڕۆژهەڵات - بۆکان» بەرنامەیەکی ئامادە کردووە بۆ یادی ١٠٠ ساڵەی ئەو هونەرمەندە..هەر کەسێک بیەوێ

به بابەتێک و بیرەوەرییەک بەشداری بکات، خزمەت بە هونەری کوردی دەکات، گیانی ئەم دەنگ و چریکە ئەفسوناوییە شاد دەکات...
http://www.bokan.de/

لە ڕاستیدا وەزارەتی ڕۆشنبیریی ئەو نیمچە دەسەڵاتەی باشووریشمان دەبوو بەلانی کەمەوە پرۆگرامی شایستەی ڕەنگاوڕەنگی چڕوپڕی بابەتی و مێژوویی یەک «مانگی هونەریی» بە هەموو ڕەهەندەکانی موزیک و گۆرانی وتن و باس و لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی سەرجەم بەرهەمەکانی سەرلەنوێ بە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو ئەنجام بدایە...بەڵام دیارە وەک هەمیشە بایەخ بە ئەرکە نەتەوەییەکان نادەن...

هونەر و ئەدەبمان چەند ڕەسەن و تۆکمە و بەپێز بێت، شوناسی نەتەوەییمان هێندە ڕازاوەتر و جوانتر و وزەبەخشتر دەبێت... جارێکی تریش سڵاو لە یادی ١٠٠ ی ئەڵماسی و یاقووتی مامۆستا حەسەن زیرەک ...گۆڕی گوڵزاری نێرگز و ڕیحان بێت چراخان و قیبلەی هونەری کوردی بێت...

***

وێنەکە: کاری دیزاینکاری خۆشەویست مامۆستا مەحمود خۆشناوە...بەسوپاسەوە بۆ ئەم یادەش گورزێک لە خۆشترین گۆرانییەکانیتان پێشکەش بێت.....